

دانـــــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی چوارەم

ئەمجارەیان بۆ تۆ

هاوڕێ ئەبێت ژیان چەند دەرگای هەبێت !؟ ئەی تۆ لە کام دەرگای ژیانەوە هاتی!؟ ئەی عەشق مانای چی یە!. عەشق سوتانی دڵ نی یە ..ئەی عەشق ئاوێتە بوونی ڕۆح و جەستە نی یە ..ئە ی خودا بۆ باجی هەڵەکەی ئادەم و حەوای لە ئێمە ئەوێت !ئەی فەلسەفەی سێوەکەی بەهەشت هیچی لێ تێگەیشتی تۆ !..کام تاقیکردنەوە؟!..کام ژیان؟!..دوو عاشقی ڕەگەز جیاواز بە بێ یەکتر چ مانایەك ئەبەخشێ!.کام حەرام!..کام گوناح!..کام دۆزەخ! ئەی ژیان ..ئەی مەرگ..ئەی عەشق..ئایا ئەمانە هەمووی وەهمن!؟

ئەی کاتێك چاو ئەدوێت..دڵ ئەدوێت..ڕۆح ئەدوێت..جەستە ئەدوێت !ئایا ئەبێت خۆمانی لێ گێل بکەین؟..!

کەواتە عاشقە شێتەکەی من مەبە بە سێبەر بۆم..داوا مەکە بێیتە ژووانم ..ئاخر تا ئێستا تێ نەگەیشتووم من وەهمم یان حە قیقەت!.ئەی کە عاشق بووین ئایا ئەکەوینە هەڵەوە ؟! باشە کام هەڵە!کام ڕاستی!؟..

تازە ئیتر تۆ هەر کەسێك بیت ..لە هەر شوێنێکی ئەم دنیا یە بیت من خۆشم ئەوێیت!..ئیتر ڕێز تەنها لە دڵم ئەگرم..سنوور..یاسا..هەموویان لەگەمەی سەر مێزێکی قومارا دۆڕان...هاوڕێ ئیتر ئەمانە هەمووی لە گریان و هاواری منالێك ئەچێت کاتێ پێ ی هەڵ ئەخلیسکێ و ئەکەوێ چونکە جوان پێ ی نەگرتووە..!

ئیتر بۆ من مەگەڕێ من لێرەم لەناو دڵی تۆ!..ئەی تۆ ئایا تا ئێستا لە خۆت ئەگەڕێ ی یا تۆش بوویتەوە بە من!؟ ئەی ئەدرەسی بێ ناونیشان نەتوایەوە؟!..ئەی پێم نەوتی گومانم هەیە کە خالقی دڵ لە دڵ گەیشتبێت !

ئیتر کە پێت وتم سەبر دانە ر سەبر...با بۆ شتێکی تر بێت شتێکی بەهێز شتێك کە بەهای هەبێت کە پیرۆز بێت..ئیتر ئەزانم کەی پێم ئەڵێیت !چەن جوانە ڕۆحم بۆنی تۆی لێ بێت..چەن جوانە توانەوە لە باوەشی تۆ..چەن جوانە مەست بوون لە ناو دڵی تۆ..!

خەیاڵم ئەمباتەوە بۆ لای تۆ!خۆڵەمێشی جگەرەکانم کە وەك ڕۆحی خۆم لە شەو بەجێماون ئێستا بە ڕووی یەکا زەردەخەنە ئەیانگرێت. .سەیرە شووشە بە تاڵەکان دڵیان خۆشە لەگەڵ یەکا سەما ئەکەن ،سەمای عەشقێکی زیند وو..سەیر تر ئەوەیە هاوڕێ کە ناهێڵن لە دەرگای باڕەکە بچمە ژووری!..ئاخر ئەڵێن ئێرە جێ ی عاشق نی یە جێ ی مودمینەکانە مودمین بە مەشروب نەك مودمین بە مرۆڤ..!

ئێستا ئەزانن من مودمینم بە تۆ ئیتر ئەوە گەورەترین تاوانە لای مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە ئیتر ژیان لای ئەوان پڕە لە جەنجاڵی و کێشە ،تیشکی ئاسۆ دەرناکەوێت ،مرۆڤەکان بە ترسەوە هەموو هەنگاوێك ئەنێن بە گومانن لەوەی کەمن وازم لە ترس هێنا بە گومانن لەوەی کە من ئەتوانم عاشق بم عاشێقێکی ئازاد،بە گومانن لەوەی من ئەتوانم تا ئەوپەڕی سنوری بەختیاری بەختەوەر بم!.ئیتر تێ ناگەن کە چۆن حەزەکان ئەتوانن ببنە هەوێنی یەکتر چۆن خۆشەویستی ئەبێت بە فەلسەفە؟!چۆن تەنها یەك باوەش پیاکردن لە یەکەم چرکەکانی بینین بۆ هەتا ئەبەد نەخشەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ لە نا و دڵا بەجێ ئەهێڵێت!..ئیتر لای ئەوان دەرگاکان هەر ئەبێت ژمارەیەکی هەبێت ناتوانن دەرگای بێ ژمارە ببینن !..بەڵام دواجار تۆ م خۆش ئەوێت تۆ !

سـلێمانـی

دانـــــــەر